# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە چیرۆکی کارگەبییە؛ نها.

ژمارە

٤٦

٤ی ڕەشەمەی ٢٧١٨



**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

چنوور ناسری
بیژەن ڕەحمانی
ناسر فەتحی
شەرمین سالحی
ڕەحمان جەنگ
ژانا شەریفیان
جێگر بەختیار
فەرهاد سالەحیفەر
منیرە فەیزە
سکاڵا ڕاد
سەید کەیوان قورەیشی
سەیفوڵا ساعێدموچشی

**وێنەی ڕووبەرگ:**

Michael Milfeit

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٤١...

**ئامادەکاران:** ئەمیر سیراجەدین، ناسر فەتحی

RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

- ئەم ژمارەیەی چیرۆکەڵە پێشکەشە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی
- چیرۆکی کارگەیی
- بەتامی چیرۆک


- ئامادەکاران:

ناسر فەتحی

ئەمیر سیراجەدین



٤ی ڕەشەمەی ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## "وانەی گریان"

هەوەڵ ڕۆژی بوو لە قوتابخانەوە دەهاتەوە. لە پشت دەرکەوە دەنگی گریانی دەهات.

بەرەوپیری چووم لە باوەشی کەم و ماچی کەم؛ کەچی پاڵێکی پێوەنام و گوتی: "منت خۆش ناوێ؟ دەتهەوێ کوردیم لەبیر بچێتەوە و تۆش بچی ببی بە دایکی منداڵی دیکە!!!"

✍ چنوور ناسری

# ئـ ا

## "ئەو چێرگانەی تۆرەمەیان فەوتا"

وڵات بێدەنگ بوو; دەتگوت ئاشە ئاوی کەوتووە! ئاغای نەسیری کاتژمێر دوازدەی نیوەشەو گەیشتە ئەوبەری چۆمی. ئێوارێ پێش تاریکان، لە سەڵماس ڕا وەڕێکەوتبوو. نە بە ناردنی زۆرەملی و ناقایلییەکەی هەوەڵێی، نە بە خۆشەویستی و تێکەڵاوییەکەی ئێستای! یەکەم جار کە بەرپرسی ئیدارەی پەروەردە پێی گوت؛ دێیەکی سەرچۆمی مەجیدخانت بۆ وانەگوتنەوە وەبەر کەوتووە؛ کفری شەددادی دەکرد. یەکبەخۆی لەوبەری چۆمی ڕا هەرای گەمیەوانەکەی کرد؛ بێ بیپەڕێنێتەوە. بەفر ئەرزی نەگرتبوو؛ سەرەڕای ئەوە، لەسەرمان دەموچاوی ڕەش هەڵگەرابوو. دەرسی لە ئاریا دەپرسییەوە. ئاریا خوێندنەوەکەی زەعیف بوو. ئاغای نەسیری لێی تووڕە بوو و گوتی: ئاریا بۆ لە ماڵێ دەرسەکەت حازر نەکردووە؟! ئاریا لە حاڵێکدا قامکی پەنجەمۆری دەستی ڕاستی هەڵێنابوو؛ بە شەرمەوە گوتی: "ئاغا ئێجازێ! شەکەت بوودەم." ئاغای نەسیری چاوەکانی پڕ بوو لە ئاو! مچڕووکێک لە بەری پێی هات و لە تەپڵی سەری چووە دەرێ. باوەشی بە ئاریا داکرد و هێندەی هەژارییی ئاریاکان هەنیسکی دا. ئاریا ڕۆژی دۆینێ تا درەنگان بۆ چەوەندەر هەڵقەندنەوە، یاریدەی باوکی وانی دابوو. کاتێک چاوەدێری وەزارەتی پەروەردە، نارەزاییی خۆی لە چۆنیەتی زمانی ئینگلیسی منالانی فێرگە دەربڕی؛ ئاغای نەسیری لە وڵام دا، گوتی: تا ئەودەمەی، منی تورک، بە زمانی فارسی، بە منداڵی کورد، وانەی ئینگلیسی، بڵێمەوە؛ چاوەڕوانی ئەوەت نەبێ؛ چۆنیەتی فێرکاری، لەوە باشتر بێت!

✍ بیژەن ڕەحمانی

ب پ

(١)

## "وەی مەمان سووسک"

بە زمانی مەمانی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکیی پیرۆز کرد.

(٢)

## "کەڕووڵاڵەکانی جیهان یەکگرن"

لەسەر سنووری نێوان ساردخانە و گەرمخانەی دۆزەخ، لە لا ساردەکەی، کاری ئەوە بوو زوو زوو ئەو ڕستەیەی خوارەوە لەسەر سەهۆڵەکان بنووسێتەوە: "وەک چۆن زمانی دایکیی هەموو کەڕووڵاڵەکانی دنیان یەک شت بوو؛ ئاوا زمانی دایکیی هەموو داگیرکەرانی دنیاش یەک شت بوو."

(٣)

## "زمانی دایکیی دایکی"

بە منداڵی پێش ئەوەی زمان بگرێ، زمانی دایکیان بڕیبوو و لەگەڵ دایکی بۆ دوورگەیەکیان دوور خستبوونەوە و هەڕەشەیان لێ کردبوون کە ئەگەر لەو دوورگەیە بێنە دەرێ دەتانکووژین. تەمەنێک تێپەڕیوە و هێشتا دایکی باش لە زمانی خەڵکی ئەو دوورگەیە تێ ناگا؛ بەڵام بۆخۆی جگە لەوەی زمانی خەڵکی ئەو دوورگەیە باش فێربووە، زۆر بە باشیش بە هەردووک زمانی دایکیی خۆی دەدوێ. زمانی جەستەی دایکی و زمانی دایکیی دایکی.

✍ **ناسر فەتحی**

# ت

# ج

## "دوایین وانە"

وردە وردە خۆمان بۆ تاقیکردنەوەکانی زانکۆ ئامادە دەکرد. زۆربەی وانەکانمان کۆتایی پێ هاتبوو. وانەی زمان و ئەدەبیاتی فارسی گەیشتبووینە بەشی ئەدەبیاتی گێڕانەوە و چیرۆک، کە لە کۆتاییەکانی نزیک دەبووینەوە. زۆربەی مامۆستاکانمان کورد بوون بەڵام مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی فارسی کورد نەبوو. بەفارسی قسەی دەکرد بە شێوەی ئەداکردنی وشە فارسییەکانیدا بۆمان دەرکەوتبوو کە فارسیش نییە. هەموو جارێ پێی دەگوتین هەوڵ بدەن بەباشی فێری نووسین و خوێندنەوەی زمانی دایکیتان ببن. من جارجارێ شێعرە فارسییەکانی خۆمم پیشان دەدا، بەڵام ناوچاوی گرژ دەکرد و دەیگوت: تۆ زمانی خۆتت هەیە هەوڵ بدە شێعرەکانت بە زمانی خۆت بنووسی! هەرکات لێمان دەپرسی خەڵکی کوێیە ڕووی وەردەسووڕاند و بێدەنگ سەیری پەنجەرەکەی تەنیشتی دەکرد، هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا و دواتر دەیگوت: با درێژە بە وانەکەمان بدەین. هەموو قوتابییەکانی کنجکۆڵ کردبوو، بەڵام جگە لە گوتنەوەی وانەکان هیچ قسەیەکیتری نەدەکرد. هاوڕێکانم پێیان دەگوت: "ڕۆبات" چون قەت پێکەنینمان لە دەمی نەبیستبوو. دەیانگوت: دەبوا مامۆستای بیرکاری بوایەت ئەوەندە بێهەست و مرووموچە. هەرچەند لاواز و بێڕۆح بوو بەڵام زۆر سەرنجڕاکێش و جوان خاس بوو زۆربەی کچەکان خۆشیان دەویست. منیش سووکە هەستێکی نامۆم بۆی هەبوو، کە لە خۆشەویستیش نەدەچوو. بوونی ئارامی و دڵخۆشی پێدەبەخشیم. هەموو کات پێش دەسپێکردنی هەر وانەیەک، وانەکەی شی دەکردەوە، بەڵام ئەو ڕۆژە بێ ئەوەی هیچ وشەیەک لەسەر وانەکە بڵێت، لە ڕووی دەفتەرەکەیەوە ناوێکی هەڵبژارد و گوتی: ڕووناک بیخوێنێتەوە! ڕووناک خوێندنەوەی زۆر باش نەبوو و کاتێ وانەیەکی دەخوێندەوە قوتابییەکانی بێزار دەکرد. ڕووناک دەستی کرد بە خوێندنەوە. مامۆستا دیسان لە پەنجەرەکە ڕامابوو، ڕووناک بە دەنگێکی کز و لاوازەوە وانەکەی دەخوێندەوە. من و زۆربەی قوتابییەکانی دیکە سەرنجمان خستبووە سەر مامۆستا و ئاگامان لە وانەکە نەبوو. زۆر جار ئەگەر قوتابییەک ئاگای لە وانەیەک نەدەما مامۆستا بە توندی لێی تووڕە دەبوو. ئەو ڕۆژە کەس سەیری کتێبەکەی نەدەکرد، مامۆستا بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر، سەرنجڕاکێش ببوو. دەڵێی هەموو حەزیان لێبوو لێیان تووڕە بێت. ڕووناک بەردەوام بوو لە خوێندنەوە و مامۆستایش لە ماق بوون لە پەنجەرەکە و ئەو قوتابیانەی لە حەوشەکە وەرزشیان دەکرد. لە پڕ وەخۆی

هاتەوە و دەستی برد بۆ دەفتەری وانەکان و ناوی منی خوێندەوە. سەرەتا ترس دایگرتم چون کۆتایی هێڵەکەی ڕووناکم بۆ نەدەدۆزرایەوە، بەڵام خێرا بێ ئەوەی مامۆستا هەستی پێبکات هاوڕێکەم هێڵەکەی پیشان دام. هەستێکی خۆشم هەبوو، بە خۆم گوت: دەبێ بە جوانترین شێوە بیخوێنمەوە.

"بە داخەوە! سیاچارەیی ئێمە ئەوەیە فێربوونمان داناوە بۆ سبەینێ و بە خۆمان دەڵێین هێشتا کاتمان هەیە و سبەینێ فێر دەبین. ئێستا ئێوە دەبینن ئاکامەکەی چییە! ئێستا چیتر کەس ناتوانێ بڵێ سبەینێ فێر دەبم. بۆ ئێوە هیچ سزایەک لەوە خەراپتر و تاڵتر نییە کە داواکارن ڕۆڵەی ئەم نیشتمانەن، کەچی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکیتان نازانن و ناتوانن بخوێنن و بنووسن، بەم حاڵەوە تەنیا ئێوە خەتابار نین..." مامۆستا دەستی ڕاکێشا و پەنجەرەکەی کردەوە. پۆلەکە بێدەنگ ببوو، منیش سەرم لەسەر کتێبەکەم هەڵگرت و بێدەنگ بووم، پێم وابوو دەیهەوێ ناوێکی دیکە بخوێنێتەوە. کزەبایەکی فێنک بەنێو پۆلەکەدا بڵاو بووەوە. مامۆستا گوتی: بەردەوام بە لە خوێندن!

"مامۆستا هامێل بەبێ هیچ ڕاوەستانێک لەسەر جوانی و پاراوەیی ئەم زمانە زگماکییەی ئێمە، دەدوا و دەیگوت: هەر نەتەوەیەک زمانی خۆی لەبیر بکات وەکوو بەندییەکە، کە کلیلی بەندەکەی بزر کرابێت. پاشان کتێبی ڕێزمانی هە ڵگرت، وانەکەی بۆ خوێندینەوە. بۆ هەوەڵ جار من وانەکە زۆر باش فێر بووم. هەر شتێک ئەو دەیگوت بەلامەوە زۆر ئاسان بوو. لە ژیانمدا وەبیرم نایەت قەت بەو ڕادەیە بە شەوقەوە سرنجم دابێتە وانەی ڕێزمان. دەتگوت مامۆستا دەیهەوێ لە دوایین ڕۆژی مانەوەیدا تەواوی زانیاریی خۆی لە بابەت زمانەوە بە ئێمە ڕاگوێزی و لە مێشکمانی بخات. پاش ئەوەی وانە کۆتایی هات، نۆرەی تەمرینی نووسین هات. لەو ماوەیەدا بێدەنگییەک بە سەر پۆلدا زاڵ بوو کە جگە لە جیرەی کێشانی پێنووسەکان بەسەر لاپەڕەکاندا دەنگێکیتر نەدەبیسترا. دەنگی دڵگیر و بلاوێنی کۆترەکان لە سەربانی قوتابخانە دەهاتە بەرگوێ، من بیرم لەوە دەکردەوە ئەرێ بڵێی ئەوانیش ناچار بکرێن بە زمانێک جیا لە زمانی زگماکیان قسە بکەن؟ من هەندێک جار سەرم لە سەر پەرتووکەکان هەڵدەگرت، دەمدی مامۆستا هامێل بێ هیچ جووڵەیەک لە پشتی مێزەکەی خۆی دانیشتووە و چاو لە یەک یەکی ئەم شتانەی دەوروبەری خۆی دەکات. تۆ بڵێی هەموویان بۆ دوایین جار بە باشی ببینێت. ئەو چل ساڵی ڕەبەق لەم حەوشەدا ژیابوو و لەم قوتابخانەیەدا وانە ی گوتبووەوە. ڕەنگە ئەو تا ئەودەم هیچ کات تا ئەو ڕادەیە بەوردی سەرنجی شتەکانی دەوروبەری نەدابێت. مێز و

کورسیەکان هیچ ئاڵوگۆڕێکیان بەسەردا نەهاتبوو، بەڵام نەمامە چکۆڵەکانی گوێز، گەورە و کەڵەگەت ببوون... وا دیار بوو بەجێهێشتنی ئەو شتانە دڵی ئەویان دەگووشی. بڕیار بوو سبەینێ بۆ هەمیشە لەوێ بڕوات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی دەرسەکەی وشە بە وشە بۆ ئێمە شی دەکردەوە. پاش مەشقی نووسین دەرسی مێژووی پێگوتین. ئەو جار لەبۆ بەساڵاچووەکان دەنگەکانی شی کردەوە. پیاوێکی پیر لە سووچی پۆل دەنگەکانی دەخوێندەوە. بەهۆی هەستی بەرزیەوە دەنگی دەلەرزیی. لە لایەک ئەو دیمەنە هەموومانی وەپێکەنین دەخست و لە لایەکیتر خەم و پەژارەی ئەو ڕووداوە ناخۆشەی کە بەسەرمان هاتبوو، فرمێسکی لە چاوەکانمان دەتکاند. ئای! من قەت ئەم وانەیەم لە بیر ناچێ، لەناکاو زەنگی کاتژمێری کلیسا دوازدە جار لێدرا. لە ڕاستیدا کۆتایی وەختی پۆل ڕاگەیاندرا. لە هەمان کاتیشدا دەنگی زۆڕنا هەر لەو نیزیکانەوە هەواڵی گە ڕانەوەی هێزەکانی داگیرکەری لە مەشقی سەربازی ڕادەگەیاند. مامۆستا هامێل لە پشتی مێزەکەیەوە هەستا، ڕەنگی هە ڵبزرکابوو. بەڵام دەتگوت بەژنی کە ڵەگەتتر لە هەموو دەم وەبەر چاو دەکەوت. بە دەنگێکی خەمبارەوە گوتی:" هاوالان، من، من، من ..."

دەنگم دەلەرزی و هەناسەم سوار ببوو، شەرمم لەوە نەدەکرد کە فرمێسکەکانم بتکێتە سەر کتێبەکەم و مامۆستا پێم بزانێت. مامۆستا بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە و بە دەنگێکی لەرزۆکتر لە دەنگی من گوتی: بەردەوام بە لە خوێندن!

"بەڵام هەر دەتگوت شتێک گەرووی دەگوشێ، ڕستەکەی بۆ تەواو نەدەبوو. ئەو جار لەتە گەچێکی هەڵگرت و لە حاڵێکدا کە بە هەموو هێزییەوە لە نێو قامکەکانیدا دەیگوشی، بە پیتی گەورە لە سەر تەختەڕەشەکەی نووسی:

" ڕاوەستاو بێ نیشتمان"

ئەو هەر لەوێ لە قەراخ تەختە ڕاوەستا و سەری بە دیوارەوە نا و ئیدی قسەی نەکرد. تەنیا بە ئاماژەی دەست پێی گوتین: وانە تەواو بوو، دەتوانن بڕۆن.

نووسەر: ئاڵفۆنس دوودە."

زۆربەی قوتابییەکان سەیری من و مامۆستایان دەکرد. نەیاندەزانی من و مامۆستا بۆچی دەگرین. ئەو مامۆستایەی تەواوی ساڵ بەبێهەست و مڕوومۆچمان دەزانی ئێستا وەک منداڵێک کە دایکی لێ بزر بووبێت دەگریا...مامۆستا هەڵستا و سەیرێکی کردم و بێدەنگ لە ژوورەکە ڕۆیشتە دەرەوە...

✍ شەرمینساڵحی

# چ

# ح

**(١)**

## "نەتکوت"

دوای ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکیی، ساڵی تێوەردەسووڕا و، زمان زانەکانی کوردەواری هەر ڕێک نەدەکەوتن؛ ئاخۆ: "زمانی دایکیی گونجاوترە یان، زمانی زگماکیی."

دەنگ‌وڕەنگی ناوەندی "سنە"ش، زگماک بە زمانی دایکیی پیرۆز باییان لێدەکردن.

(٢)

## "دە بخۆبخۆ..."

دوای وڵام دانەوەی تەلێفوونەکەی، نووکە شەقێکی لە هێلکەوباییبنجانەکەی دایکی هەڵدا و، ڕۆی بۆ ماڵی عەممەی، ئۆملێت بخوات.

(٣)

## "نەبان"

کاتێک لە زمانی گەشتیارە بیبانییەکە حاڵی نەبوون، لێیان حاڵی بوو:

"منداڵەکەیان کەڕولاڵ نییە، زمانی شیری تێدەگات."

✍ ڕەحمان جەنگ

# خ

# د

## "کەڕولاڵ"

چەن وێنەیەکی کۆن لە بەردەستیدا بوو، لەسەر پەڕەیەک نووسیبووی: "دەبێ ئەم وێنانە بکاتە ڕەنگی".

یەکێ لە بەناوبانگترین کەسەکان لە ئیش و کارەکەیا و بە تەواوی شارەزا لە کەڵکوەرگرتن لە نەرمەئامێرەکاندا بوو. تەنیا دروشمی سەرکەوتنی ئەوە بوو کە لە زمانی کارەکانی حاڵی دەبێ و پەیوەندییان لەگەڵ دەگرێ. بەڵام هەرەچەن چاوی لە وێنەکان دەکرد تەنیا دەنگێکی گرژ بە گوێیدا دەهات. چەن کاژمێرێک تاوتوێیانی کرد بەڵام نەیتوانی هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵا بگرێ. خۆی بەسەر پشتی کورسییەکەیدادا و توووند دەستی بە گوێکانیەوە گرت؛ لە ناکاو چاوی بە نووسراوێک ـ کە لە پشت یەکێ لە وێنەکان نووسرابوو. کەوت؛ ناوی ناوچەی لەدایک بوونی بوو.

✍ زانا شەریفیان

ڕ ر

## "شاری خەڵەفاوان"

لە دوای ئەو ڕۆژەوە زۆر شتی سەیر لە شار ڕوویاندا. ئەو بەیانییە کە خەڵکی شار لە خەو هەستان، خەریک بوو خۆیان نەناسنەوە. بۆ دوور هاواریان دەکرد، هەستیان بەوە دەکرد کە دەنگیان ناڕوا. لە ناوەخۆشیاندا بە چپەش بایە گوێیان لە دەنگی یەکتر دەبوو.

هەموو شتەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات. هیچ شتێک لە جێگای خۆی نەمابوو. پیاوانی داگیرکەر نەیان دەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکی شار بکەن.

نە کەس لەو خەڵکە تێدەگەیشت و نە لەکەسیش تێدەگەیشتن، تەنیا لە خۆیان نەبێت.

ئیدی پیاوانی داگیرکەر، کە چوونە ناو شار توشی کێشە بوون و نەیان دەزانی چۆن داوای ئەو شتە بکەن کە دەیانەوێت. لە قاحپەخانەکان نەیاندەزانی چۆن بڵێنە قاحپەکان: "دایکەنە!" ناچار دەستیان درێژ دەکرد تا بە زۆر جلی قاحپەکان دابکەنن. ئەوانیش هەستیان بە زۆرملی دەکرد و وایاندەزانی خەریکە هەتک دەکرێن؛ بۆیە لە قیژەیان دەدا و بانگی گەوادەکەیان دەکرد. گەوادیش بەملهوڕی دەهات و پشتەملی دەگرتن و تێهەڵدەدانە دەرەوە.

بە مینگەمینگێک، کە تەنیا خەلکی شار حاڵی دەبوون چی دەلێت، دەیگوت: مافی ئەوەتان نییە دەست درێژی بکەنە سەر قەحپەکانمان.

پیاوانی داگیرکەر، کە چوون پێداویستیی خواردن بکرن، نەیانزانی چۆن داوا بکەن. دەستیان لە سەر خوێ دادەنا و بە زمانێک، کە خەڵکی شار تێینەدەگەیشتن دەیانگوت: "ئەم شەکرەمان بۆ دابنێ."

دووکاندار مینگەمینگی دەست پێدەکردەوە و دەستی دەجولاند بە هێمای ئەوەی: "چەند کیلۆ خوێتان دەوێت؟" ئەوانیش بێ ئەوەی هیچ لەقسەکان تێبگەن، دوو قامکیان بەرز دەکردەوە. ئیدی دووکاندار دوو کیلۆ خوێی بۆ دەکێشان. پیاوانی داگیرکەر کە گەڕانەوە، چایەکی سوێریان دەرخواردی فەرماندەکەیان دا. دوای یەک قوم لە چایەکە، فەرماندە هاواری بەسەردا کردن و شەلاقەی کردن. بە توڕەیەوە هاواری کرد: "ئەرێ ئەم شارە شتێکی شیرنی تێدا نییە، بیچێژین!"

ڕۆژی دواتر وەک ئەوەی هیچ شتێک لەم شارەدا ڕووی نەدابێت، خەڵکی ئاسایی گەڕانەوە سەر کاری خۆیان. ئیتر نە قاحپە دەست درێژی دەکرایە سەر و نە دوکاندار خوێ و شەکری لێ تێکەڵ دەبوو، نە فەرماندە خوێی لەبری شەکر دەرخوارد دەدرا و نە پیاوانی داگیرکەر

تێرشەق دەکران. کەچی ڕۆژێک دواتر دیسان خەڵکی شار پێچەوانە بوونەوە، قاحپە داینەکەند و دوکاندار خوی بەشەکر فرۆشت و پیاوانی داگیرکەر لە لایەن فەرماندەکەیانەوە تێیان هەڵدرا. ڕۆژی دوای ئەوە هەموو شتێک ئاسایی بووەوە. فەرماندەی داگیرکەران ناردی بەدووای پیاو ماقولی شار و تا بێت تێبگەیەنێت، کە چی لەو شارەدا دەگوزەرێ؟ پیاو ماقول هاتوو قیت قیت لەبەرامبەر فەرماندەی داگیرکەران وەستا، سەری ڕێز و نەوازشی دانواند، گوتی: "قوربان! دڵگرانم بەم ڕوداوانەی، کە لەم دوایەدا ڕوویان داوە، بیستم، قاحپەکان رۆژێک نارۆژێک دایناکەن و دوکاندارەکان ڕۆژێک نا ڕۆژێک خوێ بەشەکر دەفرۆشن و رۆژێک نا ڕۆژێک سەربازەکانت تێر شەق دەکەیت. بەڵام ئەوە لەدەستی ئێمە دانییە و تەنیا هۆکار ئەوەیە ئێمە ڕۆژێک نا ڕۆژێک کەس تێمان ناگا و لە کەس ناگەین، تەنیا لە خۆمان نەبێت. ئەوەش لەبەر ئەوەی خەڵکی شار توشی خەڵەفان بووە و ڕۆژێک نا ڕۆژێک هەموو زمانێکیان بیردەچێتەوە، زمانی دایکیان بیر دێتەوە.

✍ جێگر بەختیار

ز ژ

## "شەرم دایکی هەرەس"

ژنێک و پیاوێکی پیری ئاڵمانی لەپێشمانەوە دەڕۆیشتن. لەگەڵ منداڵە سێ ساڵانەکەم بە دەنگی بەرز قسەم دەکرد. بەرزی دەنگم بە ڕادەیەک نەبوو کەس ئازار بدات. پێشتر لە دەرێ بە دەنگێکی سەبرتر لەگەڵ منداڵەکەم قسەم دەکرد. هەڵبەت پێش قسەکانی نارین. پێشتر پێموابوو کولتووری خەڵکی ئەم وڵاتە وا دەخوازێ کە بە سەبری قسە بکەم. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو سەبر قسە کردنە پێوەندیی بە کولتوورەوە نەبوو، پێوەندیی بە سیاسەتێکی چەپەڵەوە هەبوو کە لە ڕێگای ئەو ژن و مێردەوە قسەکەی نارینم بەجوانی بۆ ڕوون بووەوە. ژن و مێردەکە هەر دەڕویشتن و ئاوڕیان دەداوە و سەیریان دەکردین و مۆڕەیان لێ دەکردین. ابەخۆم دەگوت: "خۆ من لەنێو شەمەندەفەر و لە هۆڵی سەرداپۆشراو و شوێنی گشتیی سەرداخراو نیم، ئەی بۆچی ئەم ژن و مردە ئاوام چاو لێ دەکەن؟ باشە خۆ من نە قاقا دەکێشم، نە هاتووهاواری شەڕانگێزانە دەکەم، ئەی بۆ وام چاو لێ دەکەن؟"

نارین دەیگوت: "ئەو دایک و باوکانەی لە هەندەران لە دەرەوەی ماڵێ لەگەڵ منداڵەکانیان قسە دەکەن، نابێ بەسەبری قسە لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان هەست بەوە نەکەن کە زمانی دایکییان زمانێکی شەرمنە، زمانێکی ترسەنۆکە، زمانێکە کە ناوێرێ سینگی بداتەپێش و بڵێ منیش هەم!"

قسەکانی نارین لە گوێمدا دەزینگانەوە و بەهیچ شێوەیەک گوێم نەدەدا مۆڕەکان و نێوچاوان گرژ کردنەکانیان. تا ئەوەی ژنەکە وەجواب هات: "بڕێک سەبر قسە بکەن!"

- بۆ؟

- لەبەر ئەوەی قەرارە پەنابەر لەم کۆمەڵگایەدا هەرەس بێ، نەک ئێمە لە پەنابەردا!

✍ ناسر فەتحی

# س

# ش

# "خەیاری گوڵبەدەم"

چاوەکانی لە زگی برسیترە. تەواو پیلی ناگاتێ شووشەی ئوتوبووسەکە. بۆ قەباڵی ئەمڕۆکەی، هێشتا بیستودوو کیلۆی ماوە! چەند سات پێش ئەوەی ئوتوبووسەکە بگاتێ؛ ماشێنە باکلاسەکە ڕەد بوو و لێی نەکرێ. نێوی ماشێنەکەی نەدەزانی؛ تەنیا ئەوەندەی دەزانی شاسی بلێندە!

سەری هەڵێنا؛ چاوی لە تیشکی خۆر کرد. سوورسوور دەیزانی؛ لە پشت ئەو شۆقەوە، لە ژێر چاوەدێری دایە. دەیزانی ئەوە کامێرای شاراوایە و ئەویش وەکوو باقی مرۆڤەکان لەسەر گۆی زەوی، گەمەی پێدەکەن. بەڵام زاتی نەدەکرد؛ لەکن هیچ کەس، ئەو نهێنییە بدرکێنێ؛ چونکە تێرەکان باوەڕیان پێ‌نەدەکرد؛ یان باشترە بڵێم؛ هیچ بایەخێکیان پێ‌نەدەدا و برسییەکانی وەک خۆشی، بە شێتیان دەزانی. جوان لەبیرێتی کاتێک دوای مەرگی باوکی، بۆ یەکەم جار هاتە سەر جادە تا دەستفرۆشی بکا؛ لە ناکاو کە ئاوڕی داوە؛ لە تەنیشت تیشکی خۆر دا، قامکەکانی خودای دیت؛ کە لەپەنا کامێراکەوە وەدەرکەوتبوو. خودا خەریک بوو لە ترسی ئەو ئاشکرا بوونە، تەواوی دیمەنی دەستکردی خۆی --کە مرۆڤەکان پێی دەڵێن؛ سروشتی-- لەسەر گۆی زەوی دا، بەجێ بێڵێ و لۆکەیشێنی کامێراکەی بۆ هەسێرەیەکی دیکە بگوێزێتەوە و بە مرۆڤەکان بڵێ؛ چاو لە کامێراکەن و هاوار بکا: "ئێوە لە بەرامبەر کامێرای شاراوە دان!".

لەو ڕۆژەوە هەر برسێتی گوشاری بۆ دێنێ؛ ڕوو لە خۆر دەکا و بە قامکە قەڵەشیوەکانی فچێک بۆ خودا ڕادەدێرێ و لە دڵ خۆی دا، دەڵێ؛ هێ‌هێ من تۆم دیوە!

ئەگەر ئەو بیستودوو کیلۆ خەیارە گوڵبەدەمە خورد نەکاتەوە؛ هەینی ناتوانێ دایکی بەرێ بۆ نەخۆشخانە و دیسان گورچیلەی...

جەستەی لەر و باریکی، زۆر شێوەی خەیارەکانی خۆی دەدا. بۆخۆشی خەیارێکی گوڵبەدەمە لە گاڵتەفیلمێک دا کە دەرهێنەر، دەورێکی تاڵی بۆ داناوە؛ هیچ کرپارێکی نییە!

✍ بیژەن ڕەحمانی

# ع

# غ

"بۆنی شیرین"

شیشەکە لە دەستم بەردەبێتەوە و بۆنی شوکولاتێکی شیرین لە ماڵەکە بڵاو دەبێتەوە. دواجار تەواوی بۆنەکان با" ئەیبات. سەیری وێنەکانی دەکەم، دوایین بزەی پێش ڕووداوی هاتووچووەکە دێتەوە پێش چاوم. گەرچی هەوا ساردە بەڵام هەست بە سەرما ناکەم. تەنانەت دەستەکانیشم عارەقیان کردووەتەوە. دەمهەوێ بە تەواوی شەقامەکاندا بسووڕێمەوە و جارێکیتر سیمای شار ببینمەوە. پیاسە بە نێو شاردا ئەویش دوای شەوێک بارینی بێپسانەوەی بەفر، چێژێکی تایبەتت پێدەدا. کاتێ بۆ یەکەمجار پێ دەنێیتە نێو کۆڵان و هێشتا شوێنپێیە لە خەڵک نابینی، هەست دەکەی تۆ براوەی یارییەکی و کەسی یەکەمی سەرکەوتوویت. بڕیارمان داوە لە پێش هەموو کەس وەدەر کەوین و تەواوی ڕۆژ بۆ خۆمان بگەڕێین. دەستێکم خنیووەتە گیرفانی پاڵتاوەکەم و دەستێکیشم لە دەستی ئەودایە. هێشتا بەفر دەبارێ بەڵام ئەوەندە نییە کە چەترمان پێ هەڵبدات. تا نزیک ئەژنۆمان لە بەفر چەقیووە. جار جار سەیری شوێنپێکانمان دەکەین و بەنێو کولووە ورد و نەرمەکاندا دەڕۆین. درەختەکانی نێوەڕاست و ئەمبەراوبەری شەقامەکان زۆر سەرنجڕاکێشن. لەم شەقام بۆ ئەو شەقام، لەم دووکان بۆ ئەو دووکان... تیشکی خۆر لە سەر پەرداخەئاوەکەی سەر مێزەکەمان دەدرەوشێتەوە، هەست دەکەم هەمان ڕوخساری جارانە و هەمان زەردەخەنەی نێو وێنەکانە. لە ڕێستوورانەکە دێینە دەرەوە، بارینی بەفر بەتەواوی کۆتایی پێ هاتووە. وزەیەکی زیاترمان بۆ گەڕان هەیە. هەست دەکەم، دیسان دەتوانم پەنجەرەکان بکەمەوە و بۆنێکی نوێ بێنمە نێو ژوورەکەم یا چاوەڕێی ڕوانەوەی دووبارەی گوڵەکانی بەر پەنجەرەکە بکەم، ئەو گوڵانەی جگە لە چەن چڵێکی ڕووت و باریک هیچیان پێوە نەماوە. من زیاتر لە گوڵە ئاپارتمانییەکان حەزم لەو گوڵانەیە کە بارانیان دەوێ، ئەوانەی تا باران لێیان دەدات دەگەشێنەوە . تاک و تەرا دووکانەکان کراونەتەوە. هەنگاوەکانمان وردە وردە هەڵدەگرین، پەلەمان بۆ گەیشتن بە شوێنێ تایبەت نییە. چەندە زوو ماسییە بچووکە بێتاوانەکانیان بۆ فرۆش لە بەردەم دووکانەکان داناوە. خۆمان لە دووکانێکی عەترفرۆشیدا دەبینینەوە، تێستری بۆنەکانی هەڵگرتووە و بەرەو ڕووم دێت. بۆنی دەکەم. ئەو سەرگەرمی تاقیکردنەوەی بۆنەکانیترە. دیارییەکە لەسەر مێزەکە دادەنێ و وردە وردە بەسەر مێزەکەدا تا لای دەستم دیخشێنێت. قاوەکەی هەڵدەگرت، چاوی لە چاوم بڕیوە. دەمم پڕبووە لە ئاو، دایکم جەعبەی شوکلاتەکە دەگێڕێ. بابم تازە لە نەخۆشخانە گەڕاوەتەوە. ئێشی پشتی بڕستی لێبڕیووە، حەوتوویەک بار دەبات، حەوتوویەک لە جێ دەکەوێ. شیشەی عەترەکە لەدەستم بەردەبێتەوە، بۆنی عەتر لە تەواوی ماڵەکە بڵاو دەبێتەوە. دەستم بەڕوومەتما دێنم،

شەلاڵی عارەق بووم بەڵام هەست بە سەرما دەکەم. لەرزەکانی جاران ڕووی تێکردووم.
توانای گرتنی تێستری بۆنەکانم نییە. بۆنی عەترێکی شیرین لە دووکانەکە بڵاو دەبێتەوە.

✍ شەرمین ساڵحی

# ف

# ڤ

## "چیرۆکی زمان"

- دەنگ دێ، دەنگی پێ دێ، دەنگی کۆمەڵێک پێ دێ، دەنگی چوارپێ دێ، دەنگی چوار دانە پێ دێ!

- ...

- سس!

- ...

- بە زمانێکی سەیر قسە دەکەن، دوژمنن!

- ....

- سس!

- ...

- لێرە چی دەکەن؟ بۆ چی هاتوون؟ کێ رێی پێداون بێنە ئێرە؟

- بۆخۆتان!

- بۆخۆتان کێیە؟

- بۆخوتان بۆخۆتان!

- بۆخۆمان؟

- بەڵێ!

- مادام فەرموونە لای سەرێ!

چۆن وا... کاتێک ئەو منی... بەر لەوەی... سەر زەوی... بۆ ماوەیەک بێهۆش...

شەرکەرێک... هەموومان... بە گوێی خۆم گوێم لێ بوو: ْ"دوژمن تێک شکا! دوژمن تاقی نەما!"

دەنگی پێ، چوار، سەیرە، دێ، یانی دوژمن... تا ئێرە، پێش، ئەرێ ئەوانە دەڵێی ئاشنان... زمانەکەیان زۆر... هەندێک، دەیانناسمەوە! دوژمن... خۆی من... بەو زەربەیەی... شەڕ، بەر، کەر، ئەی بە ژان... خوێن... دێ ئەوتان! تێکەڵ، وەرە زووکە! زمانم، برۆ لەبیر: "بۆ ..خۆ.. مان.. گوو.. مان.. خوا.. رد...!"

- خۆ زانست هەر غەڵەتێکی کرد نابێ باڵبەستۆی بۆبکێشین. زانستە بۆخۆی زانستە، بۆ من مانستیش تەواو نییە. جا با زانستی زمان ناسیش بێت و، گووی وا بخوات کە گوایە: "جۆراوجۆریی زمانەکانی دنیا، بەرهەمی دوورکەوتنەوەی مرۆڤەکان لە یەکتری و ژیان لە جوگرافیای جیا جیادایە!" خۆ ئێمە نابێ ئەوەنەدە فەحە بین باوەڕ بکەین!

- ...

نەخێر! ئەوە حەزی بێسنووری مرۆڤەکان بۆ شاردنەوەی راستییەکانە کە ئەم هەموو زمانەی لە دنیادا بەرهەم هێناوە، نەک هەڵکەوتەی جوگرافیایی کۆمەڵەکانی مرۆڤ.

- بۆخۆتان...

- بۆخۆمان گوومان خوارد!

- ...

- هەر کەسێک باوەڕی بەو تیئۆرییە جوگرافیا-تەوەرەی زانستی زمان بێت، لەراستیدا دانی بەوەداناوە کە ئاباوئەژدای، یان کەسگەلێکی گەمژە و فەرامۆشکار بوون، یان خەڵکانێکی خۆفرۆشی هێلکە دۆڕێن بوو-ون! چوونکە تەنیا گەمژەکان و خۆفرۆشەکانن کە زمانی دایکیی خۆیان بە ڕێکەوت یان بەدانستە لەبیر دەبەنەوە و بە زمانی جوگرافیای نوێ لەگەڵ منداڵەکانیان قسەدەکەن.

ئەو تیئۆریی جوگرافیا-تەوەرییەی زمان راست نییە! چوونکە مەعقوول نییە مرۆڤەکان تەنها بەهۆی دوورکەوتنەوەیان لە نیشتمانی باوباپیرانیان زمانی دایکییان لەبیر بکەن.

- ...

- جۆراوجۆریی زمانەکان، هی حەزی بێسنووری مرۆڤ بۆ شاردنەوەی راستییەکان بووە، هەروەها بۆ شاردنەوەی ئەو دەسکەوتانەی لە سرووشتی نوێ دا وەدەستیان هێناوە، نەک هیچی تر؛ کەچی مرۆڤە زمان لاڕێکان، ئەوانەی زمانە نوێ و زۆڵەکانیان ساز کرد، هێندە گەمژە بوون نەیاندەزانی ئەوشتانەی ئەوان بەو زمانە نوێیە لە کەسانی دیکەی دەشارنەوە، هەر بەکەڵکی خۆیان دێت؛ بەکەڵکی کەسی تر نایەت. هێندە بێ ئەقل بوون نەیاندەزانی کە ئەوانی دیکە پەکیان لەسەر زانین یان نەزانینی ئەو تورەهاتانەی ئەوان ناکەوێ! هەموو مرۆڤەکان، لە هەر سووچێکی دنیا بن، بایی ئەوەندەیان زۆڵێتی تێدا هەیە کە فشقیاتێک، تورەهاتێک، شتێک بۆ خافڵاندنی ژیانیان بخولقێنن.

ئێمە نەوەی هیلکە دۆڕێنە خۆفرۆشەکان...
ئێمە وەچەی دەوان فەرامۆشکاران...
ئێمەی خۆ-ویست، لووتبەرز، گەلی گەمژەی دەسکەوتەکان و، نۆکەر و دیلی داهێنان و بیر و باوەڕەکان...

- ئەرێ تۆ بڵێی زمانی دایکی گشمان چ زمانێک بووبێ؟ زمانی دایکیی دایکە گەورەمان؟ یەکەم دایکی قسەکەرمان؟

- ...

بەپێی ئەو تیئۆرییەی من، واتە تیئۆریی زمان سازیی مرۆڤ، کەس زمانی دایکیی خۆی نازانێ، واتە زمانی دایکیی هەموو مرۆڤەکانی دنیا بە یەکجاری لەناوچووە. لەترسان وەلانراوە، ئەویش بۆ شاردنەوەی دەسکەوتەکان لە یەکتری.

باپیرانمان ئەوەندە خۆ-ویست بوو-ون کە پێیان وا بووە ئەگەر بە زمانێکی دەسکرد قسەبکەن گوێهەڵخەرەکانی خێڵی برا گەورەکەیان ناتوانن دەسکەوت و زانستەکانیان فێر بن و لە هەمووشتێکدا وەپێشیان دەکەون و لەوان بەهێزتر دەبن؛ بەڵام نەیانزانیوە کە خێڵی برا گەورەکەشیان هەر لەوترسانە وەک ئەوان دەس بەرداری زمانی دایکی خۆیان بوو-ون و ئەوانیش بە زمانێکی دەسکردی تر، بەیەکەوە قسەیان کردووە!

ـ ... بابم لە بەردەرگای ئەشکەوتەکە هەستی ڕاگرتووە و زوو زوو دەڵێ: "سس! سس! دەنگ دێ، دەنگی پێ دێ! دەنگی... سس!"

ـ لە کۆتایی دا، لە کۆبەندی قسەکانی چیرۆکنووسدا دەبێ بڵێین: "هەتی ئەوە بۆیە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خەڵک زیاتر لێک ناحاڵی دەبن!"

ـ لاچۆ بابە، خۆت شیرن مەکە، تاقەتی تۆم نییە، لەسەر تێکدانی زمانی دایکیم و درووست کردنی زمانی باوکی زۆرت لێ توورەم!

✍ **ناسر فەتحی**

# ق ک

## "دوکتۆرە ژاپۆنیەکە"

١

ڕادیۆی سەرتاقەکەی هێنایە خوارەوە و مەوجەکە ی سووڕاند، "شەو بێدارانی هەمیشە زیندوو شەوتان باش . گوێگرانی نیوەشەوانی تەنیایی ئەم کاتەتان باش ،سڵاوی خۆم و هاوکارانم تێکەڵ بە کزەی شەماڵێکی هێمن و بارتەقای ئاسمان خەیاڵی جوان پێشکەشتان دەکەم . خۆشحاڵم دیسان میوانی ساتەکانی تەنیایی نیوەشەوتان دەبم."

بە بزەیەکەوە جگەرەیەکی داگیرساند و هاتە سەر تەنیشت و شانی وە سەرینەکەی دا ، دەستی درێژ کرد و دەنگی ڕادیۆیەکەی زیادتر کرد. " سەرەتا غەزەلێکتان پێشکەش دەکەم لە شاعیری ناوداری کورد مامۆستا "نالی" شەو هات و ئەمن مەستی خەیاڵاتی کەسێکم /مەشغووڵی نەفەس گرتنی موشکین نەفەسێکم.." تەواوی جەستەی ببوو بە گوێ و لە دەوری ڕادیۆیەکە و ئەو دەنگە سیحراویە هاڵابوو ، لەژێر لێوەوە شتێکی دەبۆڵاند و چاوکانی سەر یەک دەنان ..

چەند شەو بوو تا درەنگان لەناو جێگایەکەیدا جینگڵی دەدا و لە گژ فیکر و خەیاڵان ڕادەچو ، هەستی بە قوورسایی شتێک دەکرد لەناو سینگیدا دواتریش سەری دەبردە ناو پەتووەکەی و دەچۆ ناو ئەو کۆشکە خەیاڵیەی دروستی کردبوو " تەنیایی بەس بۆ خوا باشە، مرۆڤ لە تەنیاییدا پیر دەبێت ، چاو لەو گوڵانەی سەر پەنجەرە بکە چەند گەش و جوانن ئەگەر کەسێک پێیان ڕانەگا سیس و ژاکاو دەبن ودەمرن" بزەیەک دکەوتەوە سەر لێوی...

٢

قومێکی لە چایەکەیدا و هاوکات چاوی لە کاتژمێری سەر دیوارەکە کرد ،دەستی لەسەر دوگمەی زەنگی سەر مێزەکە داگرت دوای کەمێک دەرگا کرایەوە .

_ بەڵێ خانم دوکتۆر..

لە پشت مێزی کارەکەی هەستاو و پاشماوەی شیرنایی دەمی بە قومێکیتر لوولدایە قوڕگیەوە.

+ نەخۆشی تر نەماوە؟

_ نا خانم.

+ زۆر باشە تۆ دەتوانی بڕۆیەوە ، دەرگای خوارەوەش دابخە..

تا بەر پەنجەرە هات و چاوێکی لە شەقام کرد ، لەدەرێ هێشتا بەفر دەباری ، هەستی بە ماندوییەکی زۆر دەکرد ئەمڕۆ بە هۆە ئەوەی سەرەتای حەفتە بوو کاری زۆر بوو.

خانمی "ک.م" دوکتۆری تایبەتی منداڵان بوو، تەمەن چل و پێنج ساڵ ژنێکی کورتە باڵای خرپن ، پێستی دەم و چاوی سپی چاوبادامیەک کە کەسێک بۆ یەکەم جار دیتبای تا قسەی نەکردبا وەیدەزانی لە ژاپۆن ڕا هاتووە .بەڕاست ئەو زۆر لە ژاپۆنیەکان دەچوو هەر لەبەر ئەوەش بە دوکتۆرە ژاپۆنیەکە ناوبانگی دەرکردبوو. بەڵام جیا لەو تایبەتمەندیە تۆنی دەنگی بوو کە زۆر سەرنجڕاکێشتر بوو لە شێوەی، بە هۆی ئەو بەهرە خواپێداویەی و هەڵبەت بە حەزی خۆشی لە حەفتەدا دوو شەو لە بەشی شەوانەی ڕادیۆ وەک وێژەر و پێشکەشکاری بەرنامەیک کاری دەکرد. زۆربەی ئەو دەقانەی کە بۆ بەرنامە دوو کاتژمێریەکە ئامادەی دەکردن ئاغای "ف.س" بۆی دەنووسین.

ئەمڕۆ بەیانی کە چوو بۆ دادگا و قەباڵەی خانوەکەی کە وەک بارمتە بۆ ئاغای "ف.س" دانابوو وەرگرتەوە . بۆ دوا جاریش یەکتریان دیت و بەر لە ڕۆیشتنی ئاغای "ف.س" دەورێکیان بە ناو شاردا لێدا ، بەیانی هێشتا بەفر بارین دەستی پێنەکردبوو بەڵام زستان بە ڕوخساری شاردا دیار بوو ، تەواوی ئەو ماوەی بەیەکەوە بوون قسەیەکیان نەکرد..

هاتەوە پشت مێزی کارەکەی و لە ناو جانتاکەی دەفتەرێکی دەرهێنا لانیکەم بەشی دوو مانگ بەرنامەی ڕادیۆی  بۆ نووسیبوو ، ئاغای "ف.س" لەسەر نووسینی وتارێک لە لایەن دادوەری گشتی سکاڵای لەسەر کرابوو و دوای دووساڵ حوکمی ١٨ مانگ دوورخستنەوەی بۆ شارێکی دوور بەسەر دا سەپابوو..

٣

ئەمڕۆ ڕۆژی سەرەتای ساڵی نوێ بوو. لەناو باڵاخانەی بە ساڵاچوان جموو جۆڵێکی زیاتر دەبیندرا، زۆربەیان بۆ سەری ساڵ چووبوونەوە ماڵی کوڕ و نەوەکانیان ئەوانەی کەسێکی واشیان نەبوو لە ناو دیوەکانیان خەریکی خۆساز کردنبوون بۆ ئەو جێژنەی کەهەموو ساڵێک لێرە بۆیان دەگرتن.

ئاغای "ف.س" تازە لە حەمام هاتبۆدەر و لەبەر ئاوێنە خەریکی ڕێک و پێک کردنی خۆی بوو ، چەند جار لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی کرد بە بێ گرینگیدان بە لۆچ و گنجەکانی ناو چاوانو لاجانگی ، لەناو کومێدەکەی دەستێک کۆت و شەڵواری هێنایەدەر و وەک تازە زاوایەک خۆی ڕازاندەوە . ئۆدکلۆنی لە مەچەکی دەست و بن گوێچکەی دا ، کراواتێکی سووری بەست چاوێکی لە کاتژمێرەکەی دەستیکرد گۆچانەکەی دەستدایەو لە دیوەکەی هاتەدەر ..

شۆفیر تاکسیەکە وەک پێشوو لە پێشدا بردیە کۆڵانێک و لەبەردەم خانوویەکی کۆندا ڕایگرت . ئاغای " ف.س" قامکی لەسەر زەنگی دەرگاکە داگرت و هاوکات خۆی بە چاولێکردنی چرۆی تازەی دارەکانی ناو حەوشەیماڵەکەی بەرامبەرەوە خەریک کرد.

"دەزانی ئەمشەو ئەستێرەکان نەویترن! هەست دەکەم خۆیان شۆڕ کردۆتەوە گوی لە سرتەی حەز و خۆشەویستی ئێمە بگرن"

جگەریەکی داگیرساند و چەند جار لەبەر دەرگاکە هات و چوو . دواتر سواری تاکسیەکە بۆوە و ئەمجارە لە گوڵفرۆشیەک ڕایانگرت..

ڕەنگی بەهار بەسەروسیمای شاردا دیار بوو، پەنجەرەکان دەتریقانەوە ، هەستیدەکرد دڵی خێراترلێدەدا ئارەقەی ناوچاوانی سڕی ، ئاوڕیدایەوە کورسیەکەی پشت سری بزەیەکی کرد و دەستی درێژکرد ئەو چەند تاڵەمووەی کەوتبوونە سەر ڕوومەتی لایدات.

" ئەرێ بە ڕاست تۆ دایکت ژاپۆنیە یا باوکت؟؟" دووایی هەردوو بە قاقا تریقانەوە.. ئەوەندەی کە دەنگیان لە تەواوی شاردا دەبیسترا .

پاشماوەی جگەرەکەی فڕێدا و بە پشتی دەستی کۆتەکەی تەکاند دەستێکی بە ڤژە سپیەکانیدا هێنا و لە تاکسیەکە دابەزی ، چەپکە گوڵە مەریەمەکەی دانان و بۆخۆشی هەڵترووشکا دەستی خستە ناو باخەڵی کۆتەکەی و واکمەنێکی دەرهێنا پەنجەی لەسەر دووگمەکەی داگرت " دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە/ وەبزانە خوێنی خۆمە یا مننەتی ڕەقیبە..."

گڵکۆی خوالێخۆشبوو دوکتۆرە"ک.م" لە دایک بووی ../../.. دوای ساڵانێک خزمەت بە کۆمەڵگا لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا دڵە میهرەبانەکەی لە لێدان کەوت...

✍ فەرهاد ساڵەحیفەر

# گ

# ڵ

## "سۆزیار"

پەردەی ژوورەکەی لادا. ڕۆژ بە تەواوی ئاوا بوو. بوومەلێڵی ئێوارە خەریک بوو وڵاتی دەتەنی. چاوی بڕیە ئاسمانی ڕەش و تاساو و پڕ لە نهێنیی چیرۆکێکی خەفەتبار.

سیگناڵ و چەپڵەلێدانی دوو سێ سەیارە لە خەیاڵی هێنا دەرێ. بووک و زاوایەک وەکوو دوو کۆتری خشپیلانە دەم بە پێکەنین لە دواوەی ماشێنێک دانیشتبوون؛ نوقمی دنیای حەز و خولیای خۆیان بوون. دەفتەری بیرەوەرییەکانی دەداتە دەست ڕۆحی ئاڵۆزکاوی. دەچێتەوە ڕابردوو. ئێوارێ درەنگانێ وڵات پڕ لە حەز و خۆشەویستی بوو. هاتوچۆی کچانی دراوسێ و حیلکەحیلکیان لەگەڵ سۆزیار دڵی ڕێبوارانی دەڕفاند. قەرار بوو ئەمشەو لە ڕزگار مارە کرێت. پێی خەون و خەیاڵ بوو، لە خۆشیان ئارا و قەراری لێ هەڵگیرابوو. دایکی زوو زوو دەنگی دەدا: "سۆزیار، کچم هێندە لە خۆشیی شوو کردن شاگەشکە مەبە!"

- دایەگیان لەمێژە ڕزگارم خۆش دەوێ، بە ئاواتی خۆم گەیشتم، خەڵکی چی دەڵێن با بیڵێن.

ڕۆیشتە بەر ئاوێنەکە خەریکی خۆڕازاندنەوە بوو. سەرخۆشی ژیانێکی نوێ و هاوبەش لەگەڵ خۆشەویستەکەی... لە ناکاو قریشکەی گوللە خۆشیی سۆزیاری دادڕی. دەستی بە دڵیەوە گرت. دڵی توند توند لێی دەدا، هێزی لێ بڕا.

هەڵاتە کۆڵان، حەشیمەتێکی زۆر لە لاوێک کۆ ببوونەوە، دایکی دەگریا. سۆزیار ئاپۆرەی خەڵکەکەی لەت کرد. گوێی لە دەنگەدەنگێ بوو، یەکێک دەیکوت بە ئەنقەست کوژرا، یەکی‌تر دەیکوت گوللەی وێڵەکی بوو. لێی چووە پێشێ ڕزگار بوو، ڕزگاری خۆشەویستی.

چۆکەکانی نووشتانەوە و ئازارێکی قورس کەوتە دڵییەوە، بەرچاوی تاریک بوو، هەستی بە بوونی کەس نەدەکرد، بە دەنگی بڵیند دەگریا. تارایەک لە خوێن لاشەی ڕزگاری داپۆشی.

سۆزیار ڕازی نهێنی کوشتنی ڕزگاری دەزانی. ڕزگار لەمێژ بوو سەرقاڵی خەباتی نهێنی بوو، گووشارێکی زۆریان بۆ هێنابوو بەڵام دەستبەردار نەبوو. تەمەنێک چاوەڕوانی، تەمەنێک حەز و دڵخۆشی، گریان و ئازارکێشان تا باوکی ڕازی کرد، بەڵام هەموو خۆشیەکانی بە با چوو. دڵی پڕ بوو، فرمێسکەکانی هاتنە خوارێ. پەردەکەی کێشا، وێنەی ڕزگاری لە بن تەختەکەی هێنا دەرێ نایە سەر دڵی و دایناوە بە هێوری ڕۆیشتە لای تابڵۆکەی وا بە دیوارەوە هەڵواسرابوو. مۆنالیزا، ماوەیەک لەوەپێش تارای سووری بەسەردا دابوو.

دەستی دایە ماژیکێکی ڕەش تاراکەی لەسەر مۆنالیزا لابرد. بزەکەی سەر لێوی ڕەش کردەوە. ئەمجار ڕۆیشتە سەر سینگی، مەمکەکانی ڕەش کردەوە. مەمکی چەپی کون کرد بە نووکی ماژیکەکە توند توند هەموو تابلۆکەی کون کرد. وە هەناسەبڕکێ کەوت. بە دەنگی بڵێند دەستی کرد بە گریان. سەری لە گێژەوە دەهات. دەستی بە دیوارەکەوە گرت. دانیشتە سەر عەرزەکە، چەمەدانی جلوبەرگەکەی لەژێر تەختەکە دەرهێنا. هەستا سەر پێ، لیباسی بووکێنی لەبەر کرد. لەژێر سووراو و سپیاوێکی زۆر تاسە و پەژارەکانی شاردەوە. بڕێک لۆکەی خستە نێو مەمکبەندەکەی. برینەکەی کولاوە، بەڵام سینگی وەکوو جاران قیت و قنج بووەوە. تێپەڕبوونی زەمان و تاڵی ژیان گۆڕانێکی زۆری بەسەر سۆزیاردا هێنابوو.

لەشێکی شەکەت و ماندوو بوو. جوانی پێشووی نەمابوو.

جوانی سۆزیار شەپۆلەکانی ڕۆحی ئالانی میردی ئارام دەکردەوە. بەڵام وەک گوڵەباخێکی بێئاو سیس و ویشک بوو. کات لە نیوەشەو تێپەڕ بوو. ئالان هاتەوە وەکوو همیشە سەرخۆش...

سۆزیار ڕەنگ پەڕیو و بێهێز خۆی خستە سەر تەختەکە. تارا سوورەکەی بە سەر دەموچاوی دا کێشا.

ئالان بەسەرسووڕماوییەوە گوتی: "سۆزیار ئەمشەو خۆت کردووەتەوە بە بووک؟"

دەڵێی شەوی هەوەڵی ژیانمانە، ئەمشەو زۆر جوان بووی زۆر، دەزانم منت هەر خۆش ناوێ بەڵام ئاخ سۆزیار ...

پەرداخە ویسکی‌یەکەی وا بە دەستیەوە بوو تا ئاخر هەڵیقوڕاند. خۆی کێشا بە سەر سۆزیاردا، لە لاپەڕەی حەز و خۆشی دا بوو. ئەمشەو سۆزیار بە نزیکی ئالان هەستی بە ئەشکەنجەی جەستە و ڕۆحی نەدەکرد. ترپە ترپەی دڵی ئالان، ماچەکانی، لە ئامێز گرتنی بێزاری نەدەکرد. ئەمشەو سۆزیار نەدەپاڕاوە، نەدەلاڵاوە. سۆزیار بەری بەیانی ڕۆیشتە ئامێزی خەونێکی خۆشەوە، وەک پەڕی باڵندەیەک بەدەم شنە بایێکی نەرمەوە باڵی گرت و چووە ئاسمانی بەرینی ئەوین و لەگەڵ ڕزگار وەفڕین کەوتن.

✍ **منیرە فەیزە**

ڵ

م

## "دیدار"

ماوەیەکی زۆر دوای بڕیاری ڕۆیشتن و خۆ ئامادەکردنی، ئیمشەو دەبوایە خۆی بپێچابایەتەوە. ڕێگایەکی دوور و ماندوویەتییەکی زۆری لەبەر بوو. سەفەری مان و نەمان بوو، خۆشی ئەیزانی ئەو سەفەرە دەتوانێ کۆتایی مێژووی ئەو بێت. هەر ئەوەش ببووە هۆی ئەوەی لە کۆکردنەوەی کەلوپەلکانیدا تووشی وەسواس بێت. چ شتێک لە ژیانی مرۆڤەکان دا ئەوەندە بە بایەخە کە بیانهەوێت تەنانەت لە ئەگەریی نەمانیش دا، لەگەڵ خۆیان تا باوەشی مەرگ بیبەن؟ بۆنی میخەکبەند و بەرامەی دایک یان ئەو ساعەتەی ساڵگەڕێک لە دەستی باوکی دابووە؟! ملپێچە خۆشەویستەکەی خۆی کە پێی وا بوو کاتێک ئەیکاتە ملی هێندەجوان دەبێت کە هەموو دنیا چاوی تێدەبڕێت؟ یان گوڵدانە کاکتەکەی!؟ کتێبەکانی کە دەیهەوێت و هێستا بۆی نەخوێندراونەتەوە؟ یان تەنیا دەفتەرێکی ڕەشنووسی خۆی؟ پووڵ چی؟ تەواوی شەڕی ژیان لە پێناو سەرمایە دابووە و ئەوڕۆژە بەڵام کەس دڵنیا نییە کە بیهەوێت لەگەڵە خۆی هەڵیگرێت و بیبات. سێ سەرینی خستۆتە ژێر سەر و، پەردەکانی داداوەتەوە و ڕوو بە ئاسمان ڕاکشاوە و لە ئەستێرە گەشەکان ئەڕوانێت. حەزی لە ژینە بەڵام لە مردنیش ناترسێت. کۆڵەپشتیەکەی بەستووە. کەمێک خواردەمەنی سوێر و شیرین، قومقومەیەک ئاو، دەفتەرێکی ڕەشنووس، چەندانە پێنووس و بەستەیەک ئێڵ دی ی تێدایە. دوودانە ڕاخەری سووک، چەند جووت گۆرەوی و... هیچی ترا!

تەلەفونەکەی هەڵئەگرێت و بە گوێیەوە دەنێت:

- من ئامادەم.

- باش. کۆڵەپشتییەکەم بێنمە ئەوێ؟

- زۆرچاکە. تا دوایی

و...

چەند ڕۆژێکی لە سەفەرەکەی تێپەڕکردووە. مانگەشەوێکی ڕووناکە. بە هیچ شێوەیەک وەبیری نایە کە ئەو کانییەی بە شەو دیتبێت؛ یان بە ڕووناکی ڕۆژ. ماندوون و ئێستا تەنانەت بەستەیەک ئێڵ دیش قورسە و هیلاککەرە. ئەوەندە عارەقیان کردووە بەدەم ڕێگاوە، کە ژێر سینگ و پشت کەمەریان چۆڕاوگەکانی سپی دەچنەوە، لە تابلۆیەکی هونەری دەچێت، تابلۆی دوایین پەڵەکانی بەفری زستان بە نێوچاوانی خاکەلێوەوە! پێڵاوەکان لە پێدا جێیان خۆش کردووە و بەڵام پێ لە پێڵاو دا هەرگیز. قامکە چکۆلەکانی

هەر دوو پێی بێ هەست بوونە، بە دەم ڕێگاوە و بە بێدەنگی هەوڵ ئەدات تەکانیان بدات و جێگەی زیاتریان بۆ بکاتەوە. بەری پێی دەکزێنەوە، بلۆقەکانی پێی تەقیون و ئێستا بوونە برین. هەوڵ ئەدات لە ڕێگا ڕۆیشتن دا کەمتر زەختیان بخاتە سەر. تا سەر لێوی سنوور هەروا هەشت ساعەت ڕێگەیان لەپێشە. ئاسمانی نیوە شەو، بە ڕووناکیی گزینگی بەیانییە. لە شوێنێک بە نێوی سەرشیو... شایەد بە هەڵکەوت ئەو شەوە هیچ بوونەورێکی لێ نییە! نە داربەڕوویەک کە ئەو دەشتاییە ئاوەدان کات و نە گاشە بەردێک کە لە دوورەوە لە مەڕ بچێت. ڕێچکەیەکی باریک بە ناو دۆڵێک دا دەڕوات کە لەم ڕێچکە بەدوا بۆلای تەنیا شاخێکی بەرز کە لێرەیە هیچ لەوەڕێک دەستی بۆ نەبردراوە و لە هەندێک شوێنیش تەنانەت سووتێندراون و لەم لای ڕێچکەکەوە دیارە پێشتر ئاژەڵی لێ لەوەڕیوە و لە درێژەی دەستی ڕاستی تەپۆڵکێکی نیوەبەرزەوەیە... هەنگاوەکان هێوردەبن، بۆ دواجار و بە هێمنی لێک نەزدیک دەبنەوە: "فاسلەکان دەکەین بە پەنجا میتری و بە دوای یەک تا پشتی ئەو بەردە دەچین. نیوخیز و هێواش، ئامادەی هەموو ڕووداوێک بن." وشەی "ئامادە بن" هانیدا تا دەستی لە ژێرداری چەکەکەی بەر دات و فیشەکێک لە خەشابەکەی خاڵی کات، کاتێک زانی بەسەر کەمین داکەوتوون.

✍ سکاڵا ڕاد

# ن هـ

## "سووتاو"

ئاگام لێ بوو یە کێک گوتی: "ئەو گەمژەیە دەبینی؟ هەموو ڕۆژێک دێتە ئێرە و لەو کابرا خوێنتاڵە کە بۆ قرانێک لە بابیشی خۆش نابێ ئەو شتە وەر دەگرێت و دەگەڕێتەوە. چاوی لێکە ئەوچەن هەزارتمەنە شڕۆڵەی بە دەستەوەیە هەست دەکات میلیاردێرە".
ـ ئەوە بۆ پۆلیس نایگرێ؟

هاوڕێکەی گوتی: "ئەوە دەڵێی چی؟ بەخوا تویش گەوجی. کێ بایەخ بەم شتانە دەدا؟ گرەوت لە گەڵ دەبەستم بشیگرن پیش ئێمە دەگاتەوە ماڵێ. دەوڵەت بۆ شۆخی نابێ".
هەر پێکەوە دەڕۆشتن و ورتەیان دەهات. دوور کەوتنەوە.
دەستم پڕ بوو. دەبێ پەسێوێک پەیدا کەم. گیانم دێشێ. زووکە خوێری. هەنگاوەکانم وردو و توند دەکەم. دەبێ عارەقم کردبا بەڵام ئیسک عارەقی لە کوێ بوو.

لەشم قورس بوو. ئاوڕم داوە سێ کەس خۆیان لێ کردبوومە کێش. یەکیان دەگریا. یەک خەوتبوو. ئەوی دیش هەر دەپاڕایەوە و چاوی لە دەستم بڕیبوو. ڕقم هەستا، دەستم ڕاوەشاند. ئەوەی خەوتبوو ڕاچڵەکا، جنێویکی دامێ و بۆی دەرچوو.

ئەوەی دەگریا تفێکی لێ کردم و پێش ئەوەی لە پێچی کۆڵانێکدا ون بێ، ئەمەم لە لێوەکانی هەڵگرت:"سەگ بابی سوور".

ئەوەی مابوو جەحێڵێک بوو بە بڕوام حەڤدە یان هەژدە ساڵ تەمەنی بوو. ئەگەر بڕوام مابێ. بە ڕاستی لەشم توانای نەمابوو. بە ئاواتی ئەوەی ئەم جەحێڵەم لە کۆڵ بێتە وە پڕ بە هێز دەستم ڕاوەشاند. بەڵام وەک دۆخینێک کە گرێی کۆنی تێکەوێت، ئەویش وەتر، زۆرتر پێمەوە دەنووسا.

قنج بۆوە. لە پێشم ڕاوەستا. بەقەد خۆم دەبوو، ڕێک چاومان لە یەکتر بڕی. چاو تەنیا زمانێکە کە درۆی پێ ناگوترێ. زۆرشتی پێ ناساندنم. نەداری، حەزلێکەری، خەم، تەنانەت کەسایەتیشمم هەموو پێکەوە لە چاوی ئەم کورەیا دیت و زۆر شتی کەش.
ـ ئەرێ بۆ لە کۆڵم نابیەوە؟ تۆش وەک من...؟

وڵامی نەدامەوە. چاوێکی لە دەستم بڕی و دەمووچاوی گرژ کرد. بڵێی تاوانی ئەوش لە ئەستۆی من بێ!؟لەم فکرانەدا بووم کوتووپڕ ڕاچڵەکام ودیتم کورە دەڕوات ولێم دوور دەکەوێتەوە. دەستم رووت ببو. تەواوی گیانم ئێشێکی پێداهات وەبیرم هاتەوە دەبێ پەسێوێک پەیدا کەم. بە دووی دا ڕۆشتم تا ئەوەی لە دەستمدابوو لێی

وەرگرمەوە. رووی کردە چۆڵگەیەک جیگایەکی داڕووخاو. خۆی لە سووچیک ڕاکشا بوو. دەستم بە یەخەیەوە گرت. ڕام وەشاند: "بۆ دەستت خاڵی کردم؟زووکە بمدەوە".

جوابی نەدامەوە. سەرم بە سنگیەوە نا. لە بەردێک بێ سرتەتر. تەنها سەد هەنگاو لە پێش منەوە بوو بەڵام دەتکوت سەدساڵە مردووە. لە باوشم گرت تاوەکو گەرمی کەمەوە. دوارۆژ خەڵکی شار دەیان گوت:"دوو کەس کە یەکیان جەحێڵێکی حەڤدە یان هەژدە ساڵ بووە سەنکووبی کردووە و ئەو ساقییە خوێن تاڵەش ڕەگی خۆی لێداوەو هەردووک لە پەسێوێک دا"(مـــــــــردوون).

✍ سەید کەیوان قورەیشی

ه و

# "نان"

شەودرەنگانێ، درگای ماڵەکە، بەهێواشی ئەکاتەوە. بە ئەسپایی، بێ هیچ تەق وتوقێ، ئەچێتە ژوورەوە. لەدڵی نایە گڵۆپەکە هەڵکات. جلەکانی دادەکەنێ و یەکڕاست ئەچێتە نێو جێگەکەیەوە. ژنەکەی ئەپرسێ:" نانت خواردووە"؟ ئەیژێ:" خواردوومە"! باوەشی پێدادەکا... لەخەودائەچڵەکێ، بۆچەند چرکەیەک، لەنێو پێخەفەکە جوڵەجوڵێ دێ. بێ دەنگ، بێ جووڵە، ڕائەوەستێ، جووڵە لە پێخەفەوە نایێ. پێخەفەکە ئەکێشێتە سەریاندا، بە ئەسپایی جلەکانی لەبەر ئەکا، لەدڵی نایە گڵۆپ هەڵکا. ژنەکەی بەدەم خەوەوە ئەپرسێ:"ئەوە ئەڕوی"؟ ئەیژێ:" ئەوە من ئەڕۆم"! "نان ناخوی..."؟ "نا"! لەماڵ دێتەدەر، ئاسمان هێشتا لێڵ وکۆڵان ئەنگوستەچاوە...! شەو درەنگانێ ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵ. درگاکە ئەکاتەوە، بەهێواشی ئەچێتە ژوورەوە، ماڵ تاریک، لەدڵی نایە گڵۆپەکە بکاتەوە. بێ دەنگ جلەکانی لەبەر دادەکەنێ، ئەچێتە نێو جێگەکەیەوە. ژنەکەی ئەیژێ: "نانت خواردووە؟" ئەیژێ: "خواردوومە، خۆت چی؟" "خواردوومانە"! باوەشی پێدا دەکا...! لەخەو دائەچڵەکێ، بوچرکەساتێ بێ دەنگ، جووڵە ناکا، هەڵئەستێ، جلەکانی لەبەرئەکا. بەئەسپایی لەنێو ژوورەکە ئەچێتەدەرەوە، لە دڵی نایە گڵۆپەکە هەڵکا.

- "نان ناخۆی"؟

- "نا"!

لەماڵ ئەچێتە دەر، کۆڵان تاریک؛ ئەنگوستەچاوە...! شەو درەنگانێ ئەگەڕێتەوە بوماڵ، درگا ئەکاتەوە، بەهێواشی ئەچێتە ژوورەوە، ماڵ تاریک، لەدڵی نایە گڵۆپەکە بکاتەوە. بێ دەنگ جلەکانی دادەکەنێ، ئەچێتە نێو جێگەکەیەوە، هیچ دەنگێ لەژنەکەیەوە نایێ، هیچ جووڵەیەک نیە...! بەیان لەخەو دائەچڵەکێ، بێ خشە جلەکانی لەبەر ئەکا، ماڵ تاریکە، نان ناخوا، لە ماڵ ئەچێتە دەر...! شەودرەنگانێ ماندوو ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵ. درگاکە ئەکاتەوە، بە هێواشی ئەچێتە ژوورەوە، ماڵ تاریک ... هیچ جووڵەیێ نایێ، بە دەنگییەکی کز ئەپرسێ:" نانتان خواردووە"؟ هیچ جوابێک نابیسێتەوە، گڵۆپەکە ئەکاتەوە، پێخەفەکە لەسەریان لائەبات، خۆی ئەداتە عەرزا، باوەشیان پێدادەکا؛ ژنەکە، کورپەکەی گرتووتە سینگەوە، مەمکی ها بەدەمیەوە...کۆرپە، چاوەکانی نۆقاندووەو ژن؛ چاوەکانی بۆسوچێکی نادیاری ئاسمان دەرپەڕیوە...!!

✍ سەیفولڵا ساعێدموچشی

# ۆ

# وو

## "داوگە"

لەگەڵ دەرکە لێدانی، بەرەو پیری دەچی و لە سەرێوە هەرا دەکەی:"ئەوە هاتم، وەرە ژوورەوە سەرمات نەبێ" پێداویستیەکانت هەڵگرتووە هەر ماوە مەقنە و لەچکەکەت، ئەوانیش بە دم ڕێوە لە سەر دەکەی. ناتهەوێ دیسان تووڕەی کەی. حەولتە تاڵە موویەکت دیار نەبێ.

لێدانی دڵی ماوەیەکە لە کزی داوە، دواجار حەکیم گوتی:"نابێ تووشی دڵەڕاوکێ و دڵمەندی بێ!" دەترسی! دەترسی وا هەست بکا ئەو کەسەی ئیمانی پێیەتی و ڕوحمی پێکردو دڵی لەکار نەخست بێتوو نەتوانێ ئەولادی ساڵحی بۆ پەروەدە بکا؛ ئەمچەل وەبەر ڕوحم و بەزەیی ئەو نەکەوێ، دەڵێ:"من بە هەموو مەودای تەمەنم حەول و تەقەلای ئەوەم بووە خودام لێ ڕازی بێ، قەت جوابی دڵی خۆم نەداوەتە لە بەر ئەوەی نەوەکوو دڵی ئەو زاتە پاکەم لێ بڕەنجێ." هەوەڵین و ئاخر جارت نییە ئەو قسانەی لێ دەبیستی، دڵت نایە چکۆلەترین خەوش لە باوەڕەکانی خەی، مل دەلەقێنی بۆی دەڵێی: "دایە گیان ناهێڵم سەرشۆڕی لای پەروەردگارت بی!" دیسان ژنە شەلەکە و کوڕە کوێرەکەی لە بەر دەرکەی مزگەوت سەرما بردەڵە بوون، لە بەر دەرکەی ماڵی خودا، کەس نییە بە هاواریان بگا.

خۆزگە بەو هەموو هێزەوە بۆخۆی فریای ئەو داماوە کەوێ !!!

بڕێک ڕادەمێنی. بانگت دەکەن: "دە بڕۆ کەم بەلای ئەوانەوە مەحتەل بە"!

بینای مزگەوتەکە زۆر سرنج ڕاکێشە؛ ئەو ماوەیە ڕۆژ نییە کەلێن و کولێنی سەیر و سەمەرەی وەبەر چاوت نەکەوێ، بنمیچی بیناکە بە شێوەیەکی زۆر ئەفسووناوی نووکی تیژ بۆتەوەو ڕوو بە سەرێیە. دەڵێی ئەویش هەردوو دەست وسەری هەڵێناوە دەپاڕێتەوە، منارەکانیش رووەو ئاسمان هەڵکشاون. ئەوانیش هەر ئەو مەبەستەیان لە سەر دایە!

ژنێکی پرچ ـ وەک لەچکەکەی ـ سپی لە پەنات دادەنیشێ، بەردەوام پرسیارت لێدەکات. هیچ کام لە حەرەکەو پیتەکان ناناسێ، هەڕە لە بەڕە ناکاتەوە !

لە گەڵ هاتنە ژوورێی مامۆستاکەیان، سمتی هیچ کام لە ژنان لە سەر عەرز نامێنێ، هەموو تەقەلای بەرچاوبوونتریانە...

لێرە بە لەبزی شیرینترەوە دەدوێ! پێمان دەڵێ لە گەڵ خوێندنەوەی من دەست لە سەر وشەکان دانێن و سەر هەڵمەهێنن!

تۆ پێویستت بەوە نییە؛ چاو لە مامۆستا دەبڕی. ئەویش پێویستی بە سەرداخستن نییە؛ هاوکات دەخوێنێتەوە و چاو دەگێڕێ، لە سەر تاک بە تاکیان ئیستێک دەگرێ، بەردەوام دەخوێنێتەوە، لە پڕ چاوی زەق دەبێتەوە. وەک ئەوەی ژنێکی ڕووت بێتە پێش چاوی، گێلێنەکانی لە جەغزی چاوی دەردەپەڕێ و شکڵی خۆی نامێنێ، سورایی نا خوێن سپیایی چاوی دادەگرێ، لە گەڵ خوێندنەوەی ئایەتەکان، دانەچیرە دەکا و دوو ددانی بە هەردوو قەراغ لێوی خوارەوەی دا درێژ دێنە خوارێ و خوێنێکی خەست بەملاولای لێوەکانی دا شۆڕ دەبێتەوە. مۆمێکی هەڵکراو لە سووچی خوارێ، نزیک تۆ، دادەگیرسێ، دەستت داوتێ ڕێ کەوتووی، دەنگی ژنان و مامۆستا تێکەڵ دەبێ و وەک هووهووی دەروێشان دەلۆرێنن، لە چوار گۆشەی مزگەوتەوە دەست نین پەت و گوریسی ئەستوور نا ماری ڕەش و سووورباو دەمیان دەکەنەوە و دێن بین دەنێن بە خوێنی لای لێوی، سەری لە نێو دەمی یەکێکیاندا هەڵدەکەندرێ، دەنگی هەر دێ و نابڕێتەوە. لە بڵینگۆ و منارەی مزگەوتەوە و، لە هەموو بڵینگۆکانی شار بەگشتی دەنگی قورئان خوێندنی ژنان و پیاوان تێکەڵ دەبێ. ئاپۆرەی خەڵکی دەستە دەستە بەرەو مزەگەوتەکانی شار ڕێ دەکەون؛ کەس هیچ نابیستێ لە دەنگی ئەوان زیاتر، منداڵان پەلکێش کراون و بەزۆر بەسەر خاک و خۆڵ و خێز و بەردی گەڕەک و شەقام دا ڕادەکێشرێن، گیانیان شەڵاڵی خوێن دەبێ، زۆر کەس چاوی لەبەر قوڕ دیار نییە و بەر دەمی خۆی نابینێ. زۆر کەس لە بەر تیژی دەنگەکە پەردەی گوێی دڕاوەو نابیستێ، هەر بەدوای ئەوانی دیکەدا هەڵدێ...!

تەمێکی لێڵ و کوشەندە بەسەر شار دا کشاوە. هەناسە توند دەبێ و بە ئەستەم دێ و دەڕوا... دایکت دڵی لە لێدان کەوتووە...

✍ چنوور ناسری

ی ێ

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!
٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاراگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌̆◌̄ ◌̄ ◌́◌̄ ◌̄,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : < = ٭]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"
ئاوا هەڵەیە:
گوتم:

ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆیڕا، کۆوا، کۆێ، کۆیم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ ـیش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ، نەک ئاوا: اە [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،
١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرج بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# بەتامترە چیرۆک

## ▪ ناسر فەتحی / کەرگێ:

خــودا دای و لە شــوانیی خەڵــکەوە بــوو بە شــوانی مەڕ و مــاڵاتی خــۆی. دوای مــاوەیەک بــۆ ئەوەی بۆخــۆی بتــوانێ کاروبــاری پشــت کــامێرا ڕاپەڕێنــێ، ناچــار بــوو شوانێک بگرێ.

هەر بــۆیە ئاگــادارییەکی بەم شــێوەیە بــڵاو کــردەوە: "ئاگــاداری! شــوانێکی خێزاندارمان پێویستە!"

## ▪ جەهانگیر خەڵوەتی / تەڵاقی نۆدشەیی:

کابرایەکی نۆدشەیی تەڵاقی خستووە: خودی ترامپیش دۆلار بسێنێ زەرەری تیا ئەکا!

یەکێ تریش لە جوابیا ئەڵێ: تەڵاقم کەوتبێ دۆلار بیشیدۆزیتەوە هەر زەرەر ئەکا!

## ▪ لوقمان ـ بۆکان

دەڵێن لە دەیەی شێستەکان بەشە خۆراک(سهمیه) بۆ خەلکی دێهات هاتبوو. زستانێ پوڵێکیان دەدانێ و هاوینێش سوودێکیان وەسەر دەخست و لێیان وەردەگرتنەوە.

ئەویش هی زۆر دێهاتی خەلکی بۆکان دەدران بە حامیلێکی میراوایی بە نێوی کاک زاهد.

ڕۆژێک بەیانییەکی زوو، خەلکی دێی دێن و لە کوچەی بەرامبەر بە دووکانی کاک زاهد دادەنیشن. کاک زاهیدیش نە دەڵێ هەیە و نە دەڵێ نییە، هیچ.

خەڵکیش تا لای نیوەڕۆ لە سەر عەرز دادەنیشن. ئەویش کاک زاهد دەرەنگانێک سەر لە دەلاقەی دووکانەکەی دەردێنێ و دەڵێ: بڕۆن پوول نییە!

جا دەڵێن هێندێک لە خەڵکی شاریکەند هەڵدەستن قوونیان دەتەکێنن و دەڵێن:

کوڕە هەستن با بڕۆین، چمان داوە لەو حەرام و تەرامە!

ئەوە تا نیوەڕۆش لە بەر ئەو سوورتاوە لەوێ دانیشتبوون.

## ▪ هیوا فەتحیان ـ سەقز:

بۆ ڕۆژی زمانی دایکی!

دۆستێکم لە تاران گەورە بووە و واتای زۆربەی وشە کوردییەکان نازانێ. یەک دوو ساڵە گەراوەتەوە سەقز، هەڵبەت زۆر هەوڵ ئەدا کە هەنبانەی پڕ بکا لە وەشەی جوان و کۆنی کوردی. شەوێکیان لە ماڵی ئەوان بووین و نازانم چوون بوو من وشەی"شێف"م بە کار برد، لە منی پرسی: ئەرێ شێف یانی چی؟ منیش بۆم شی کردۆ کە شێف یانی جووت کردن و هەڵگڕاندنەوە و ژێر و ڕوو کردنی خاک!

زۆری پێ خۆش بوو ئەو وشەی تازە فێری ببوو لە ڕەستەیکدا بەکاری بێنێ بۆیە ڕووی کردە خێزانی و وتی: مریەم بێم شێفت کەم؟!

- "..."

خۆ من پیاوی ئەم قسانە نەبووم؛ من چی و ئاشقی چی؟! هەمووی خەتای حەسەنەسوور بوو. ئەوەندە هاتە بن‌گوێم و باسی کچەتیو مچەتیوی کرد هەتا منیشی تێوەتلاند!

نەسرین کچێکی کورتەباڵای سەوزەڵەی چاو و برۆ ڕەش بوو. زۆر لە هەڤاڵانم دەیانکووت جوان نییە. بەڵام

من وام دەزانی خودا لە دونیادا کەسێکی

تری لە وێنەی نەسرین درووست نەکردووە. وابزانم هی ئەوە بوو قەت لە ژیانمدا کەس پێی نەکوتبووم "خۆشم دەوێی".

هەموو ڕۆژێ بۆ دیتنی لە دێی خۆمانڕا

دەهاتمە بۆکان. ئەوکات وەک ئێستا نەبوو

ماشێن زۆر بێ. لەو گووندە بەقورێگیراوەی ئێمە تەنیا یەک "مینیبووس"ی تێدابوو ئەویش تا من لە خەو هەڵدەستام و دەکەوتمە خۆ، بەجێی دەهێشتم. دەبا من گشت ڕۆژێ لە نێودێڕا هەتا سەرجادە بەپێیان بڕۆم. لەوێش دەبوو چەند سەعات لە

قەراغ جادە ڕابوەستام تا ماشێنێک بە خێری خۆی سواری دەکردم.

ئەوکات کچ و کوڕی وەک من و نەسرین کە نەماندەتوانی ڕاستەوخۆ پێکەوە قسان بکەین، لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی

نامە پەیوەندیمان پێکەوە دەگرت.

دەبوا چەندین جار ئەمسەر و ئەوسەری

کۆڵانم بکردبا تا دەرفەتێکم بۆ بڕخسێ و

بتوانین نامە ئاڵوگۆڕ بکەین.

کەس دەردی بە من نەدابوو، "پورەفاتم" نەبێ؛ هەموو ئێوارەیەک دۆشەگێکی سووری لەبن قوونی خۆی دەخست و تا

درنگانێک دادەنیشت و سەوزی پاک دەکرد.

هەموو جارێ دەهاتم پێش بە مامەعەلی

مێردی بگرم و بڵێم: کاکە ئەو هەمووە سەوزییە چییە بەقوربان؟ بۆ مەعیدەتان خراپە کاکە!

چەند مانگمان بەم شێوەیە تێپەڕ کرد بێ ئەوەی کە دەممان لە هیچ کەوتبێ! چەند

ڕۆژێک بوو نەسرینم نەدەدی؛ ئەی خودا

بڵێی لە کوێ بێ؟ دەتکووت جاوم ناوەتەوە و هەر ئەمسەر و ئەوسەری کۆڵانم دەکرد.

باوکی نەسرینە خاتوون، سێتەگەری پێ بوو و نەوتی بۆ ماڵان دەبرد. پیاوێکی خڕپلانەی چوارشانە بوو کە هەمیشە دەتکوت گوڵبێنەخنە، ئەوەندە ڕەش

و چڵکن بوو.

ئێوارەیەک لە نێوەڕاستی کۆڵانەکەدا لووتم تەقی بە لووتییەوە. بە مۆڕەوە چاوی لێ کردم. سەرم داخست و هەنگاوەکانم خێراترکرد. چەند میترێکم مابوو بیگەمێ بانگی کردم: هۆی هەتیوە!

- بەڵێ؟

- بەڵێ و قوزەڵقورت، ئەوە ماندوو نابی ڕۆژێ هەزار جار لێرەوە دێی و دەڕۆی؟!

هەتیو بەخودا پێم عەیبە دەنا هەر لێرە

دەتگێم!

- تۆ لەجێی بابی منی و هەزار شەقیشم تێهەڵدەی، لات لێ ناکەمەوە.

بەم حیزەحیزە خۆم پەڕاندەوە. باوەڕ بفەرموون لەترسان دڵم وەک قوونە چۆلەکە لێی دەدا.

بەپەلە خۆم گەیاندە بەردەرکی ئێستای (فنی حرفەای) کە ئەوکات شوێنی ڕاوەستانی موسافیرە دێهاتییەکانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی بۆکان بوو.

ئێوارە بوو و گەییشتمەوە گوندەکەمان و

یەکسەر چوومە بەر حەوز و لە سەر بەردێک تا درنگانی شەو دانیشتم. ئەوەندە لەمێژبوو بێکار و بێ بار بووم، خەجاڵەتیم لە باوکم کێشا بچم بەرامبەری دانیشم.

ئەوشەوە نەمتوانی بخەوم، هەربۆیە بەیانی زوو فریای مینیبووس کەوتم.

هێشتا دووکان و بازاڕ بەتەواوی نەکرابووە گەیشتمە بۆکان. لەلای تەپەی

کەمەربەندی دابەزیم و پاش تێپەڕکردنی چەند کۆڵان چومە بەر درگای ماڵی حەسەن. هەر ئەو کەسەی ئەم ژانە سەرەی بۆ من پەیدا کردبوو؛

- چۆنی حەسەن؟

- چۆنی برا؟ وەرە ژووریَ هەواڵی زور گرینگم پێیە.

لە گیرفانی پاتۆڵەکەی کە بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوو نامەیەکی دەرهێنا. ئەو هەتیوە هەمیشەی خودا، بزە لە سەرلێوی بوو، بۆیە لە دڵی خۆمدا کوتم: نا، بەخودا شکوور هیچ لەوە ناچیَ هەواڵی ناخۆشی پیَ بیَ.

ئەوەندەی یەک و دوو نامەم خوێندەوە

کە بەم شێوەیە نووسرابوو:

باوکم هەڵی پێچاوم دەبیَ مێرد بکەم بە

کوڕی پورم. هیچ ڕێگایەکم نەماوە دەبیَ

قەبووڵی کەم. تۆش ئەو پیاوە نی بمەویَ

لەوە زیاتر لە ڕووی دایک و بابمدا ڕاوەستم. چەند جار بەڵێنیت دا کە بێیتە داواکاریم، بەڵام تەواوی قەول و بەڵێنییەکانت بە درۆ دەرچوون (ڕاستیشی دەکرد). تکایە من لە بیری خۆت بەرەوە.

ئەوڕۆژە هەتا نیوەڕۆ لە دووکانی برادەرێک دانیشتم. نیوەڕۆ چوومە گاڕاژ،

مینیبووسەکە خەریک بوو دەڕۆییشت.

خۆم هاویشتە نێو ماشێن. بە بیانووی

ئەوەی کە سەرم دێشیَ پەردەم کێشا

بە سەر دەم و چاوی خۆمدا و یەکبین هەتا ئاوایی خۆمان گریام.

گەییشتمە ماڵیَ، دیتم باوکم بەتەنیَ دانیشتووە. زۆر بەکزی سڵاوم کرد و چووم دانیشتم و پاڵم دا بە کۆڵەکەکەوە. باوکم گوێی لە ڕادیۆ گرتبوو. چەند جار سەری هەڵێنا و چاوی لیَ کردم، بەڵام من قسەیەکم پیَ نەبوو بیکەم.

بە کوتەپەڕۆیەک نێوچاوانم تووند جەڕاند تا تۆزیَ لە ژانەسەرەکەم کەم بێتەوە.

باوکم دەنگی ڕادیۆکەی کەم کردەوە و

کوتی: ڕۆڵە! شتێک ڕووی داوە؟

- نا بابە

- چی بووە ئاخر؟

- هیچ

- ئەی بۆ گریاوی؟

- کوا نەگریاوم

- ئەوەنیە چاوت وەک گۆمی خوێنی لێ هاتووە.

چەند مانگێک بوو دایکم عەمری خودای کردبوو و ئەوەم کردە بەهانە و کوتم: بابە، دڵتەنگی دایکمم و لەبەر ئەو گریاوم.

باوکم چەند هەنگاوێک لە سەر چۆک لێم

هاتە پێش و دوو دەستی لە سەر ڕوومەتم دانا. پاش بیست و چەند ساڵ، ئێستاش گەرمای ئەو دەستانە لە سەر ڕومەتە قووپیوەکانم هەست پێ دەکەم.

بە هەزار نقەنەق درکاندم کێشەکە چییە.

وەک سواڵکەر لەبەر باوکم دەپاڕامەوە

بەڵام بەداخەوە باوکم قەبولی نەکرد.

کوتی: ڕۆڵە! کچی ڕەسووڵی خزمی خۆمان هەیە، بۆ بچین بێگانە بخوازین؟باوکی، ناسیاوی خۆمە و پێکەوە دروێنەمان کردووە و بە باشی دەیناسم و دەزانم چۆن پیاوێکە.

باوکم ئەوەندەی تاریفی کاک ڕەسووڵ کرد کە بۆ ساتێک لەبیرم چوو قەرارە

بچم داوای کچی ئەو بکەم، وامزانی بڕیارە لەگەڵ کاک ڕەسووڵ ژیانی هاوبەشی پێک بێنم!

هەر ئەو نەریتە کۆن و دەست و پێ گرە

نەیهێشت لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشم

دەویست پێک بگەین.

ئێستا لە خودا بەزیاد بێ، لەگەڵ خزمەکەی خۆمان ئەوە خەریکین ژیانی سەگمەرگی دەبەینە سەرا!

خۆ هیچیش ناکرێ، خزمی خۆمانە! ناکرێ خزمایەتی و دۆستایەتیی چەندین ساڵە

بخەینە ژێر پرسیار. باوکی لەگەڵ باوکم

دروێنەی کردووە و دایکیشی لەگەڵ دایکم دەستەخوشک بوون!

تێبینی١: ناوی نووسەری بابەت لەسەر داوای خۆی نەدرکێندرا

تێبینی٢: "ڕەسووڵ" ناوێکی خوازراوە

▪ **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک:** "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"



Sirvan Hamidi